کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-8-2007 22:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گۆرانی فۆلکلۆری کوردی و بەزاندنی هێڵی سوور ... نزار محەمەد

ئادرنو.. زانای گەورەی بواری سایکۆلۆژیا، ناوی بوە بە زاراوەیەکی سایکۆلۆژی سیاسی کە گوزارشت لە جۆرێك کەسایەتی پەیوەست بوو بەداب و نەریتی باو دەکات، لە فەرهەنگی سایکۆلۆژی سیاسی کەسایەتی ئادرنوو ئەو جۆرە کەسایەتیەن کە ملکەچی تەواوی گوتاری باون، بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، وابەستەبوون بە داب و نەریتی سەردەمێك و ملکەچکردن بۆ بیروباوەڕو دەسەلاتی سیاسی و دەسەلاتی کۆمەلایەتی و لانەدان لێی کرۆکی کەسایەتیەکی ئادرنوویە، کە توانای گۆران تیایدا زۆر لاوازە و دەستەمۆکردنی ئاسانە لە کۆمەلگایەکدا کە روحی مێگەلی بەسەریدا زالبوبی، فاکتەرەکانی گۆران و ئاراستە کردنی پرسیاری تیادەمری، لێرەوە ئەوانەی پێچەوانەی ئاراستەی باو دەرۆن هەنگاوی دژ بە یەقینبوونی پرانسیپەکان دەنێن، ئەوانە روحە عەجولەکانن کە چەمکی نوی دادەهێنن و لەمێژودا بەردەوام کەسانێك هەلکەوتون خوێندنەوەی نوێیان کردوەو هەلوەشانی یەقینەکان و پرسیار و گومانیان لادروست بووە.



لای کورد هێشتا لێکۆلینەوەی زانستی بۆ سەرەتای سەرهەلدانی دەنگی دژ بە عەقلی باوو دژ بەکەسایەتی ئادرنویی نەکراوە، ئەگەر باسی گۆرانی شاعیر کرابێت لە نوێکردنەوەی شیعر ئەویش لەژێر کاریگەری شیعری دەوروبەردا، ئەوا هەرگیز بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکانی ئەو رۆحی عەجولیەو ئەو هەولی تێکشاندنەی بتەکان نەگەراوینەتەوە بۆ فۆلکلۆری کوردی، هەروەك چۆن هەموو لکێکی زانستی و بواری هزر بەبی گەرانەوە بۆ یۆنان نابی، بەهەمان چەشن ئێمەی کورد دەبی بگەرێینەوە بۆ فۆلکلۆر، بەلام کە فولکلۆری کوردی بەچاوی سوك سەیر دەکرێت، بەدواکەوتویی و بەسەرچوو ناودەبرێت و هەرچی کەمێك لەهزری رۆژئاوا نزیك ببێتەوە پێی وایە دەبی فۆلکلۆر رەتبکاتەوە، یان پێی وایە نابێتە رۆشنبیرێکی سەردەم گەر دژی فۆلکلۆر نەبێت و بەکلاوی بابردوو ناوی دەبات. بەهەرحال لە فۆلکلۆری کوردیدا هەنگاوی دژ بەعەقلی باو دەبینین، کە ئەم فۆرمە کرۆکی رۆشنبیری سەردەم پێکدەهێنی گومان لە پیرۆزییەکان و هەلگەرانەوە لە عەقلی باو لە فۆلکلۆری کوردیدا لەم خالانەدا چردەکەینەوە:-

یەکەم: موسلمان بوونی کۆمەلگای کوردی، رێورەسمی تایبەتی سەپاندووە، لەگۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا ئاماژە بەو رێورەسمانە کراوە بەلام بەخوێندنەوەی جیاواز و سەرچلی کردن بەرامبەری:

هەرچەند نوێژ دەکەم نوێژم بەتالە
ئەلحەمد ئەخوێنم تۆم لەخەیالە

واتە هێزێك هەیە ئایدیای زالی لەبیردەباتەوە و ئەوەی ئەم وێنەیەش دەخاتەڕوو کەسێکە ئامادەکاری بۆ پەراوێز کردنی هێزی غەیبانی تێدایە کە ئەمە هەمووی بەزاندنی خەتی سوورە.

ئەگەر شێخ و مەلا نوێنەرانی ئاینی رەسمی کۆمەلگا بن ئەوا لە فۆلکلۆری کوردیدا ئەو دوو کەسایەتیەش لەوێنەی یەقینی خۆیان تەجرید کراون.

خالی ها وەبان سەر گۆناوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

قوڵ وەڵڵا لەبیر شێخ دەباتەوە

لێرەدا وێنەی شێخ لە کەسایەتیەکی کاریزمی دادەماڵدرێت و دەبێتەوە بەمرۆڤێکی ئاسایی کە بەجوانی سەرسام دەبێت ئەمەش بۆخۆی گومان لەکاریزمابون و هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی تر. لەم نمونەیەی خوارەوەش بۆچونێکی تر لەبەرامبەر بۆچوونی مەلا دروست دەبێت:-

باوەر ناکەم بەمەلا

دەڵێت نەزەر حەرامە

لەسنگی یارمدایە

سێوی کاڵی شەمامە

لێرەدا جیاوازییەکان سەرهەڵدەدات، ئەمەش خاڵێکی ئایدۆلۆژی گرنگە کە لە فۆلکلۆردا هەیە، ئاشکرای دەکات کۆمەڵگای کوردی داخراو نیەو ئاراستەکان بەدژ بەیەکی تیایدا کاردەکەن.

جگە لەوانەش وێنەی فۆلکلۆری لە ئاستێکدا نمایش دەبێت کە بەئاسانی خەتی سورو سانسۆری باو تێکدەشکی.

بەباوکت بڵی نوێژی چی دەکات

تۆ بدا بەمن خوا عافوی دەکات

لێرەشدا شایەر بەدوای ئەلتەرناتیڤدا دەگەرێت، واتە دەیەوێت پێمان بڵێت خێرو لەخوا رازیبوون بەنوێژکردن نییە، بەڵکو لەبری نوێژ بەیەکگەیشتنی دڵداران بەگونجاوتر دەزانی هەموو ئەمانە یاریکردنێکی سەرچڵانەیە لەناو پرانسیپە باوەکان و جێ گۆڕکی کردنە بە چەمکەکان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.